# باربەرا فۆلی

## ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی سەدەی بیست و یەکەم(١)



وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە : عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)

لەسەدەی بیست و یەکەمی سەرمایەداریدا، تیۆری مارکسیزم وەک ئامرازێکی چارەنووسساز دەمێنێتەوە بۆ لێکدانەوەی دۆخی ئابووری کۆمەڵایەتی و توانستەکانی گۆڕانکاری سیاسی. بەڵام مارکسیزم وەک میتۆدێک لە ڕووی کلتووریشەوە گرنگە، بۆ تێگەیشتن لەو بیرۆکە و هەڵوێست و باوەڕانەی ئەمڕۆ لەئارادان کە چۆن لە ڕووی مێژووییەوە لە ڕێگەی هێزە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکانەوە گەشەیان کردووە. باربەرا فۆلی (٢) لە کتێبی ئەم دواییەیدا بە ناوی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی ئەمڕۆ (٣)، ئامانجی جەختکردنەوەیە لەسەر بەردەوامی بەهای شیکارییانەی مارکسیستی بۆ ئەدەب و کلتوور و ناساندنی چەمکە سەرەکییەکانی ماتریالیزمی مێژوویی، ئابووریی سیاسی، ڕەخنەی ئایدۆلۆژیا بە نەوەیەکی نوێ و هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە بەردەوامی خەباتی چینایەتی. لەم چاوپێکەوتنەم لەگەڵیدا باس لە هەندێک لەو بیرۆکانە دەکەین کە لە کتێبەکەدا وروژاندویەتی.

**گۆڤاری مەنثلی ڕیڤیوو : چۆن وا هەستتان کرد کە کتێبە تازەکەتان سەبارەت بە ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی بەتایبەتیش پێشکییەکەی لەم کاتەدا گرنگە؟**

باربەرا فۆلی: لەبەر دوو هۆ. یەکەم، چونکە لەم چەندین ساڵەی ڕابردوو هیچ لالێکردنەوەیەک لە ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی لەئارادا نەبووە لە دوای کتێبی مارکسیزم و ڕەخنەی ئەدەبی تێری ئیگلتۆن(١٩٧٦) و کتێبی مارکسیزم و ئەدەب ڕیمۆند ویلیامز (١٩٧٧). من کتێبی نائاگایی سیاسی : گێڕانەوە وەک کردەیەکی کۆمەڵایەتی ئاماژەدار (١٩٨١)ی فرێدریک جەیمسۆن بە شتێکی سەرەکی دەزانم؛ بەڵام کتێبێکی قورسە، بەپێشەکییەکی قورسیشەوە. دووەم، چونکە بە ڕوونی لەم ڕۆژانەدا مەیلێکی تاسەدار هەیە بەتایبەتی لەنێو گەنجاندا ، مەیلی چەپگەرایی، ئەمانەش نەک تەنها پەیوەندییان بە کلتوورەوە، بەڵکو پەیوەندییان بە ئابووری، سیاسەت و مێژووەوە هەیە.

بەو پێیەی تەنانەت هەرچەندە ئەو بەرهەمە ناوازانەی کە لە سەرەوەش ئاماژەمان پێدا، تا ڕادەیەکی زۆر ڕێگەخۆشکەرن بۆ ئاشنابوونی خوێنەر بە بنەما بنەڕەتییەکانی لێکدانەوەی مارکسیستی ، لەگەڵ ئەوەشدا من بڕیارمدا کتێبەکەم پێویستە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ماتریالیزمی مێژوویی، ئابووری سیاسی و ڕەخنەی ئایدۆلۆژیا بخاتەڕوو پێش ئەوەی باس لە ڕێبازە مارکسیستییەکان بۆ لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی ئەدەبی بکات. جگە لەوەش، بەو پێیەی لەم ڕۆژانەدا ناحاڵیبوونێکی زۆر هەیە سەبارەت بەوەی کە چ شتێک بنەڕەتییە : پێگەی سیاسی چەپ یان کردەی شیکاری کلتووری چەپ. من ویستم ڕوونی بکەمەوە کە مارکسیزم لە کوێدا تێکەڵ بە ئاراستەی ڕەخنەی چەپ دەبێت و هەروەها لەکوێشدا جیاوازە لە ئاراستەی ڕەخنەی چەپگەرایی فراوان.

**گۆڤاری مەنثلی ڕیڤیوو : تۆ لە کتێبەکەدا جەخت لەوە دەکەیتەوە کە چۆن ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی ڕێگەیەکە بۆ تێپەڕین لە شیکاری ئاستی ناوەندەوە بەرەو لێکۆڵینەوە لە ئاستە جیاوازەکانی هۆکارگەرایی. هەروەها دەڵێیت کە، مارکسیزم سوود لەو تێڕوانینانە وەردەگرێت و تەواویان دەکات کە لە ڕێگەی گەردبینی دیکەوە بەردەست دەکرێن؛ بەڵام خۆی وەک تیۆرییەکی "مێتا" پێشنیار دەکات، واتە تیۆرییەک کە خاوەنی هێزێکی ڕوونکردنەوەی سەرتاسەرییە. ئایا دەتوانیت بە کورتی ڕوونی بکەیتەوە کە مەبەستت لە تیۆری میتا چییە و چۆن کاردەکات بەبێ ئەوەی مارکسیزم وەک شێوازێکی شیکاری ئیمتیازدار یان باڵاتر سەیر بکات؟**

باربەرا فۆلی : با لەگەڵ گریمانەی پرسیارەکەتدا ناکۆک بم. من مارکسیزم بە شێوازێکی شیکاری ئیمتیازدار یان باڵادەست دەبینم! بێگومان ئەم زاراوانە بارگاوین و بانگهێشتی تۆمەتی نوخبەگەرایی دەکەن. فۆرمۆڵەی پەسەندکراوم کە مارکسیزم تیۆرییەکی مێتایە. خاوەنی دەسەڵاتی ڕوونکردنەوەی سەرتاسەرییە. بەو مانایەیە کە مارکسیزم دەتوانێت دەستڕاگەیشتن بە چوارچێوەیەکی شیکاری دابین بکات کە دەق و نەریتە ئەدەبییەکان لە چوارچێوەی ماددیدا بەتەواوی بخوێنێتەوە. هەرچەندە لە هەندێک کاتدا بە زاراوەی دیالکتیکیی ناتەواو لێکدراوەتەوە، بەڵام نموونەی بنچینەیی سەرخانی کۆمەڵ زۆر گرنگە بۆ شیکردنەوەی ئەو ڕێگایانەی کە ئەدەب بەستراوەتەوە بەو شتەی کەوا مارکس ناوی لێنابوو بناغەی ڕاستەقینە کە لەلایەن شێوازی بەرهەمهێنان و کۆمەڵە هاوبەشەکانی کۆمەڵایەتی و پراکتیک و دامەزراوە ئایدیۆلۆژییەکان دابین دەکرێت. بۆیە 'شیکارییەکانی ئاستی ناوەند' مەیلیان هەیە دەقەکان لە شوێنێکی سەرخانی کۆمەڵ سنوورێکیان بۆ دابنێت.

**گۆڤاری مەنتڵی ڕیڤیوو : پەیوەندی نێوان جەختی مارکسیستەکان بۆ خەباتی چینایەتی و شێوازەکانی چەوسانەوە لەسەر بنەمای پۆلێنەکانی وەک ڕەگەز و جێندەر چۆنە. چۆن لێکۆڵینەوەی مارکسیستی خۆی لە کەمکردنەوەی دژایەتییە جیاوازەکان بۆ پرسە چینایەتییەکان دەپارێزێت، بەتایبەتی کاتێک مێژوویەکی دوور و درێژیان هەیە کە پێش سەرمایەدارییە؟**

باربەرا فۆلی : لێرەدا دوو گرفت هەن کە پێویستە چارەسەر بکرێن. مارکسیزم، بە دڵنیاییەوە، تا ڕادەیەکی زۆر تیۆری سەرمایەدارییە؛ ئیتر چۆن کاردەکات و چۆن شەرعیەت بەخۆی دەدات و تاد ئەوەیان شتێکی ترە. بەڵام مارکسیزم میتۆدۆلۆژی ماتریالیزمی مێژووییە. ئەمەش بەو مانایەیە کە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی مارکسیستی بەو ئەندازەیەی پەیوەندی بە ئۆدیسێی هۆمەرەوە هەیە، ئەوەندەش پەیوەندی بە یولیسسی جەیمس جۆیسەوە هەیە. بۆ مارکس و ئەنگڵس و هەروەها بۆ پەیڕەوکەرانیشیان هەر بەهەمان شێوە. ئەو مێژووە دوور و درێژەی کە سەرمایەداری دەبزوێنێت، زۆر جێی سەرنجی بوو کە لە ڕاستیدا بۆ تێگەیشتن لە خودی سەرمایەداری پێویست نەبوو. کتێبی ئەنگڵس لەبارەی بنچەی خێزان، موڵکداری تایبەتی و دەوڵەت ئەم بنەمایە لە پێوەند لەگەڵ ڕەگەزدا و بە هەمان شێوە، ئەو بەرهەمانەش کە لە نەریتی مارکسیستیدا باس لە سەرچاوەی ڕەگەز و ڕەگەزپەرستی دەکەن، پشتڕاست دەکاتەوە. هەرلە کتێبی بنیاتنانەوەی ڕەشی دەبلیو ئی بی دو بۆیسەوە تا کتێبی داهێنانی ڕەگەزی سپی لە نووسینی تیۆدۆر ئالن و کاری ڕەگەزپەرستی باربارا فیڵدز- کە پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی نێوان ئابووری و دەروونناسی، یاسا و توندوتیژی ، سیاسەت و ڕۆشنبیری نیشان دەدەن.

گێرانەوە بنەڕەتییەکان و چەوساندنەوەی بەردەوام، دژایەتییە جیاوازەکان بە پشتبەستن بە پۆلێنەکانی وەک ڕەگەز و جێندەر بۆ پرسە چینایەتییەکان، کەم ناکەنەوە. دابینکردنی چوارچێوەی ڕوونکردنەوە نە بەمانای کەمکردنەوەیە و هەروەها نەبەمانای فۆکسی مارکسیستەکانیشە لەسەر خەباتی چینایەتی. شێوازەکانی تری ستەم یان زاڵبوون، بە واتای بەخشینی پێگەی پلە دووە بۆ قوربانییەکانیان. بەڵام ئەوەی مارکسیزم لەتوانایدایە، تێگەیشتنە لە پەیوەندی چەوسانەوە کە تا ڕادەیەکی زۆر لە پۆلینکردنە دیمۆگرافییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە کە بەهۆی دابەشکردنی مێژووی کارەوە دروستکراون. چەوسانەوەش، واتە ئەو شێوازەی لە زیادەڕۆییدا کە هەمیشە بووە، وەک مارکس گوزارشتی لێدەکات؛ لە دەرەوەی کاری بەرهەمهێنەرانی بێبەشکراو لە شێوازە جیاوازەکانی بەرهەمهێنانەوە فڕێ دەدرێتە دەرەوە.

**گۆڤاری مەنتڵی ڕیڤیوو : لە کتێبەکەدا دەگەڕێیتەوە سەر چەمکی شیکردنەوەی 'نائاگایی سیاسی' دەقێک لە ڕێگەی ڕەخنەی ئەدەبییەوە، واتە بیرۆکەی سەیرکردنی دەقێک نەک تەنها وەک دەربڕینێکی ئایدیۆلۆژیی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەی تێیدا دروست بووە، بەڵکو لە ناوەوەشدا مێژوویەکی مرۆیی گۆڕاو لە ڕووی دیالکتیکییەوە کە بووەتە هۆی ئەو خاڵە و ئاماژەیە بۆ پۆتانسێلەکانی دەرەوەی ئەو خاڵە. دەتوانی کەمێک ڕوونی بکەیتەوە کە چۆن نائاگایی سیاسی دەناسرێتەوە، لە ڕووی پەیوەندی نێوان ناوەڕۆک و فۆرم و ڕواڵەت و جەوهەرەوە؟**

باربەرا فۆلی : چەمکی نائاگایی سیاسی بەڕاستی بۆم دەرکەوتووە زۆر بەسوودە؛ وەک میتۆدێک بۆ خوێندنەوەی دەقێک وەک دەربڕینێکی ئایدیۆلۆژیی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەی کە تێیدا

دروست بووە. هەرچەندە دەمەوێت دژایەتییەکی ئاسایی دیاری بکەم لەم دەربڕینەدا، بەڵام لە کاتێکدا زۆر دەق هەن، هەرچەندە بەبێ ئاگاداری، ئاماژە بە گۆڕینی دیالێکتیکی مێژووی مرۆڤ بەئاراستەی خاڵی خوڵقانی خۆی کە مەرج نییە ئاماژە بە توانستەکانی دەرەوەی خۆی بکات، دەکەن. ئاماژەیەکی لەو جۆرە پێویستی بەوەیە کە نووسەر لانیکەم تێگەیشتنێکی واقیعی هەبێت لە پرۆسە دیالکتیکییەکان و بەدەستەوەگرتنی ئەو تێگەیشتنەش بۆ ئەگەرەکانی داهاتوو خۆی تێڕوانینێکی شۆڕشگێڕانەیە. دەقگەلێکی زۆر لە کۆمەڵگە چینایەتییەکاندا بەرهەم ناهێنرێن، تا تۆوێکی وای داهاتوو لە ئێستادا لەخۆبگرن. سەبارەت بە پەیوەندی نێوان ناوەڕۆک و فۆرم یان ڕواڵەت و جەوهەر؛ گشتاندنی ئەمانە کارێکی ئاسان نییە.  ئەم بابەتانە لە ژانرە جیاوازەکان و قۆناغە جیاوازەکاندا خۆیان بە شێوەیەکی تەواو جیاواز کار دەکەن.

**گۆڤاری مەنثڵی ڕیڤیوو : گومانی تێدا نییە کە پرۆژەی مارکسیستی تەنیا بۆ لێکدانەوەی جیهان نییە بەڵکو بۆ گۆڕینی جیهانە. ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی دەتوانێت چ ڕۆڵێک لە گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا بگێڕێت؟**

باربەرا فۆلی : وەک کەسێک کە لە ماوەی ئەو چەند دەیەی رابردوودا هەڵسوڕاوێکی سیاسی و کۆمۆنیست بووم، ئەدەبیاتم خوێندووە و وانەبێژ بوومە، پێویست ناکات بڵێم، چەندینجار ڕووبەڕووی ئەم پرسیارە بوومەتەوە؛ بۆیە سوپاس بۆ پرسیارەکەت. یەکەم، زۆرێک لە خوێنەران پێیان وایە ئەدەب و زانستە مرۆییەکان بە گشتی لە دەرەوەی سیاسەت و مێژوو نیشتەجێن. ئەگەر ڕەخنەی مارکسیستی بتوانێت نیشانی بدات کە خەیاڵ دەرچەیەک بۆ هەڵهاتن دابین ناکات، و کایەی جوانیناسیش بە ناچاری سیاسییە، خوێندکاران و خوێنەران بە گشتی دەتوانن فێری گرنگی بەدەستەوەگرتنی ڕەخنەی ئایدیۆلۆژی بن بۆ کاریگەری دانان لەسەر ئەزموونەکانیان لەگەڵ هەموو ئەو دەقانەی سەر بە ژانرە جیاوازەکانن کە پێدەچێت لە یەکەم نیگادا بە تەواوی ناسیاسی بێت.

دووەم ڕەخنەگرانی ئەدەبی کە زۆربەیان مامۆستان، دەرفەتیان هەیە خوێندکارەکانیان بە زۆر زمانی جیاجیا بە جەستە تۆکمەی ئەدەبیاتی پرۆلیتاری یان شۆڕشگێڕانە بناسێنن، کە لە ڕێگەی پاساوە تەمومژاوییەکانی کۆمەڵگە چینایەتییەکانەوە دەچێتە ناوەوە و دەبێتە هۆی وروژانی ئەگەری ڕاستەقینەی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی ڕادیکاڵ. من وای دەبینم لێرەدا جیاوازییەکەی ئێرنست بلۆخ لە نێوان یۆتۆپیاکانی قەرەبووکەرەوە و پێشبینیکراودا زۆر یارمەتیدەر دەزانم. یەکەمیان دڵنەوایی خەمۆکانە بۆ مەحاڵبوونی جیهانێکی باشتر دابین دەکات، لە کاتێکدا دووەمیان ئاماژەیە بۆ توانای ماددی بۆ دروستکردنی شتێکی زۆر باڵاتر لەو جۆرە ژیانەی ئێستا دەیگوزەرێنین.

**گۆڤاری مەنثڵی ڕیڤیوو : هەروەها تۆ گفتوگۆ دەربارەی مانای خودی زاراوەی ئەدەب و زۆرێک لە چەمکە باوەکان سەبارەت بە شکڵگرتنی ئەدەب و بەهاکەی دەکەیت. تا چەند چەمکەکانی وەک گەردوونگەرایی، تاکایەتی، جوانی و گەورەیی گۆڕەپانی شەڕی ئایدیۆلۆژین لە پەروەردەی ئەدەبیدا؟**

باربەرا فۆلی : تۆ وتت: ئەم چەمکانە زەمینەی مەیدانیی ئەو شەڕە ئایدیۆلۆژییە دابین دەکەن کە هەموو پەروەردەکەرانی مارکسیستی لە خوێندیاندا، لە وتارەکانی کۆنفرانسەکانیاندا، لە پۆلەکانیاندا لەسەری وە شەڕ دێن. داننان بە گرنگی ڕووپێوی ڕەخنەگرانە لەم زەمینەیەدا، نەک وەک شتێکی دیاریکراو لەبەرچاو نەگیراوە، بەڵکو لەبری ئەوە هۆکارێک بووە بۆ ئەوەی کە بەشێکی درێژم لەسەر ئەدەب و ئەدەبیات لە کتێبەکەمدا داناوە. هەر پەروەردەکەرێک(مامۆستایەک) کە ئاواتەخوازی ئەوەیە مارکسیستی بێت، پێویستی بە لێکۆڵینەوەی ورد لە بنەماکانی بوارەکەیدا هەیە. بەڵام لە هەمان کاتدا گرنگە هەموو ئەم پۆلینکردنانە تەنیا وەک دوکەڵی ئایدیۆلۆژی نەبینین.

بۆ نموونە پۆلیینکردنی گەردوونگەرایی دەتوانێت کار بکات بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر دژایەتییە کۆمەڵایەتییە زۆر ڕاستەقینەکان بە جەختکردنەوە لەسەر بەردەوامی بنەڕەتی نێوان هەموو جۆرەکانی ئەزموونی مرۆڤ. هەموومان لە ژێر پێستدا چوونیەکین. لە هەمان کاتدا، ئەو گشتگیرییەی کە لە کۆمەڵگەی چینایەتیدا قەدەغە کراوە، لانیکەم لە ڕووی ئومێدەوە تایبەتمەندییەکە لە کۆمەڵگە بێ چینایەتییەکانی داهاتوو کە تێیدا دابەشبوونەکان لەسەر بنەمای ڕەگەز، ڕەگەز، سێکس، نەتەوە، ئایین و هتد جێگەیان گرتووەتەوە. لە بەرهەمەکاندا کە ئاماژە بە یۆتۆپیای پێشبینیکراو دەکەن. گەردوونگەرایی بەرهەمی چالاکیە دیالکتیکییە ئەگەرییەکانە کە بناغەی ڕاستەقینە لە ژێر قەڵای لە هەوادا دروستکراو دادەنێت.

**گۆڤاری مەنتڵی ڕیڤیوو : ئایا لە هەمان کاتدا شتێکی ئایدیۆلۆژی لە چەمکی ڕەخنەی ئەدەبیدا بوونی نییە، بە پێچەوانەی، ئەوەی کە بڵێین، چەمکێکی گشتیتر لە ڕەخنەی کلتووری، بەو مانایەی کە جۆرێک لە تایبەتمەندی بناسێنێت؟ بۆچی گرنگە فۆک □ بخەینە سەر ئەدەب، هەرچەندە پێناسەی بکەین؟ ئەی ئەو تەکنیک و تێڕوانینانە کە ڕەخنەی ئەدەبی بە تایبەتی پێشکەشی دەکات، چین؟**

باربەرا فۆلی : زاراوەکان هەرچەندە بە ڕوونی ئاماژەی جیاواز و مێژووی جیاوازیان هەیە، بەڵام من هیچ پابەندبوونێکم نییە بە کێشانی هیچ جۆرە جیاکارییەکی سەخت و خێرا لە نێوان ئەدەب و کلتووردا، کە لە زۆرجار ئەدەب بە شێوازی جۆراوجۆر بە نیشانەناسییەوە یەکگرتووە دەبێتە بەشێک لە کلتوور. لە کتێبەکەمدا ئێستا و دواتر ئازادانە ئاماژە بە فیلم و پۆستەر و وێنە و گۆرانی دەکەم. وەک ڕیمۆند ویلیامز لە باسە بەپێزەکەیدا سەبارەت ئەدەب وەک پراکتیکێکی مێژوویی ئاماژەی پێدەکات، جگە لەوەش، گرنگە ئاگادار بین کە ئەوەی ئێمە بەم زاراوەیە ناوی دەبەین، بەردەوام گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.

بەڵام بەبێ ئەوەی زەمینەی ئەدەبی ئەفسوونگەرا بوروژێنین یان وەک شوێنی دەستڕاگەیشتنێکی ئیمتیازدار بە ڕاستی یان جوانی سەیری بکەین، پێموایە کە تایبەتمەندییەک هەیە بۆ شێوازەکانی دەربڕینی ئەدەبیی کە گەرەنتی پەرەپێدان و بڵاوکردنەوەی پسپۆڕییەکان دەکاتە ئامرازەکانی شیکاری و لێکدانەوە. جگە لەوەش- لێرە لەوشوێنەوەی کە بەرژەوەندی پەروەردەکەرانم دێنە ناوەوە- ئێمە لە ئێستادا بە میتۆدێکی خوێندنەوە گیرمان خواردووە کە ئەدەب وەک بەشی زمانی ئینگلیزی (و زمانە نیشتمانییەکانی دیکە) دەبینێت. ئێمە دەتوانین بیرۆکە و دیدگای نوێ بەرەوپێش ببەین، بەڵام ناتوانین لەسەر بنەمای هەڵبژاردنی خۆمان شەڕەکانمان بکەین، بەڵکو لەسەر ئەو زەمینانەی کە لە ڕابردووەوە بۆمان ماونەتەوە؛ دەتوانین بجەنگین.

**گۆڤاری مەنثلی ڕیڤیوو : شانبەشانی ڕەخنەی ئایدیۆلۆژیی دەقەکان پرسیارێک سەبارەت بە  ئەدەبی پرۆلیتاریا یان دەقگەلێک هەیە کە بە ئاگاییەوە نوێنەرایەتی خەباتی چینایەتی و توانستەکانی گۆڕانکاری ڕیشەیی کۆمەڵایەتی دەکەن. ئەدەبی پرۆلیتاری لە کۆمەڵگەیەکدا کە نزیکەی تەواو بە کاڵا بووە، چۆن کاردەکات؟ لە ڕابردوودا بیرمەندانی وەک هێربێرت مارکوزە جەختیان لەسەر بەها یان خۆسەری هونەری یان دەربڕینی کلتووری خۆبەخۆ دەکردەوە کە لە دەرەوەی کایەی بە کاڵاکراوەوە سەریهەڵدا. ئایا خۆسەری هێشتا بەم مانایە پۆلێنێکی گرنگە، یان کلتووری ئۆپۆزسیۆن ناچارە لە چوارچێوەی لۆژیکی کاڵادا کار بکات؟**

باربەرا فۆلی : ئەمانە پرسیارگەلێکی گرنگن؛ بەڵام دڵنیا نیم لەوەی کە دژە هەڵوێستی کاڵابوون لەگەڵ خۆسەری، میراتێکی پڕ لە کێشە لە قوتابخانەی فرانکفۆرتەوە، باشترین ڕێگا بێت بۆ ململانێ لەگەڵ لۆژیکی کاڵا. ئەو لۆژیکە لە ئێستادا لە زۆرێک لە ناوچەکانی ژیاندا باڵادەستە، خۆی بەڵگەیە وەک چۆن لە شرۆڤەی (پەنجا سێبەری خۆڵەمێشی)(٤) لە کتێبەکەمدا لێم کۆڵیوەتەوە. ئەوەی کە کلتووری دژایەتی تا ڕادەیەک ناچار دەکرێت لە چوارچێوەی لۆژیکی کاڵاکەدا کار بکات لە بەرهەمەکانی ئەم دواییەی سینەماکاری چەپ و بووتس ڕایلیدای(٥) شاعیری میللی نمایش دەکرێت.

بەڵام دڵنیام لەوەی لە کاتێکدا کە بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی ڕاستەقینە لە ناوچە جیاوازەکانی جیهاندا گەشە دەکات، ئەدەبێکی نوێی پرۆلیتاریش سەرهەڵدەدات. پێویستبوونی سەرهەڵدانی جیهانیبانەش لەسەر بناغەیەکی نوێ شتێکی حاشاهەڵنەگرە؛ لە هەندێ جێگەشدا دەبینین کە کردەی مارکسیستی لەم پێویستییەوە بنەمای ماددی جەستەیەکی ئەدەب و هونەر و مۆسیقا و فیلم کە هۆشیارییەکی گۆڕانکاریی دەخاتە ڕوو، دابین دەکات. بەپیرۆزکردنی خۆسەریش وەک ناوکی بەرەنگاری، هێڵی بەرگری پشتەوەیە کە لە ڕەشبینی سیاسییەوە سەرچاوە گرتووە.

**گۆڤاری مەنثلی ڕیڤیوو : لەوەش واوەتر، ئەدەبیاتی پرۆلیتاری ئەمڕۆ ئەگەر بیەوێت کاریگەری سیاسی هەبێت، دەبێت چ فۆرمێک بگرێتەبەر؟ ئایا پۆست و ڤیدیۆ و□سایی کردنەوەکانی سۆشیال میدیا ئەدەبیاتی پرۆلیتاری ئێستان؟**

باربەرا فۆلی : لەوانەیە. ئەوەی تازەپێگەیشتوو هەمیشە بە شتێکی نوێوە دێتە پێشەوە. نەریتەکانیش بەردەوام دەبن. پێموایە ماوەیەکی زۆریش دەخایەنێت تا شیعر و شانۆنامە و ڕۆمانەکان نەمێنن.

تێبینییەکان وەرگێر ئامادەی کردوون

(١)ئەم چاوپێکەوتنە لە ١٨ی حوزەیرانی ٢٠١٩ لەلایەن جۆن بەیلزەوە لە سایتی دۆخی سروشت بڵاوکراوەتەوە.

(٢)باربەرا فۆلی پرۆفیسۆری زمانی ئینگلیزییە لە زانکۆی ڕوتگێرز نیوارک. لێکۆڵینەوە و وانەوتنەوەکانی لەسەر ڕادیکالیزمی ئەدەبی ئەمریکی، ئەدەبیاتی ئەمریکی ئەفریقایی و ڕەخنەی مارکسیستین. باربەرا بە درێژایی ژیانی کار و پیشەی جەختی لەسەر ناوەندییەتی دژە

ڕەگەزپەرستی و شیکاری چینایەتی مارکسیستی هەم بۆ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و هەم بۆ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان کردۆتەوە.  باربەرا شەش کتێب و زیاتر لە حەفتا بابەتی زانستی و لێکۆڵینەوە و بەشە کتێبی نووسیوە. کتێبەکانی پێشتری بریتین لە : سپێکترەکانی ساڵی ١٩١٩: چین و نەتەوە لە دروستکردنی ڕەشپێستی نوێدا (زانکۆی ئیلینۆیس، ٢٠٠٣)؛ زۆرانبازی لەگەڵ چەپ: دروستکردنی پیاوی نەبینراوی ڕالف ئێلیسۆن (زانکۆی دوک، ٢٠١٠)؛ جین تومەر: ڕەگەز، سەرکوت و شۆڕش (زانکۆی ئیلینۆیس، ٢٠١٤).

(٣)ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی ئەمڕۆ نووسینی بابەرا فۆلی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی پلۆتۆ ٢٠١٩ . براوەی خەڵاتی چۆیس بۆ کتێبی ئەکادیمی ساڵی ٢٠١٩ و هەروەها پێشنیارکراو بۆ خەڵاتی ئیسحاق دۆیچەری ساڵی ٢٠١٩. ئەم کتێبە لێکۆڵینەوەیە لە بەرهەمی کۆمەڵی نووسەر وەک جەین ئۆستن و ئی ئیڵ جەیمس و فریدریک دۆگڵاس و ئانی پرۆولکس و و ب ییتس و کڵاود مەککی ..تاد.

(٤)پەنجا سێبەری خۆڵەمێشی ڕۆمانێکی ڕۆمانسی ئیرۆیئکییە لە نووسینی ڕۆماننووسی بەریتانی ئەی ئێڵ جەمیسە کە لە ساڵی ٢٠١٢ بلاوبۆوە و زیاتر لە سەد ملیۆن دانەی لەسەر ئاستی جیهان لێ فرۆشرا و بۆ ٥٢ زمانی وەرگێردراوە و هەروەها ساڵی ٢٠١٥ کراوەتە فیلم.

(٥)ڕەیمۆند لۆرانس (بوتس) ڕیلەی دەرهێنەری سینەمایی و هەڵسوراوی کۆمۆنیستی ئەمریکییەو لە ساڵی ١٩٧١ لە شیکاگۆ لەدایکبووە.

سەرچاوە :

https://mronline.org/2019/06/18/barbara-foley-21st-century-marxist-literary-criticism/